ئاسایش باندێکی دزیکردنی ئۆتۆمبێل دەستگیر دەکات

دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی باندێکی دزیکردنی ئۆتۆمبێل رادەگەیەنێت کە ژنێک سەرکایەتی کردوون و شەش ئۆتۆمبێلیان دزیوە.

بەوبۆنەیەوە ئاسایشی سلێمانی لە راگەیەندراوێکدا کە کۆپییەکی دەستی ئاژانسی (موتەع) کەوتووە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: "بەهاوکاری ئاسایشی رەژئاوای سلێمانی و بەشی ئاسایشی قەزاو ناحیەکان, توانیان (٨)تۆمەتباری دزیکردنی ئۆتۆمبێل دەستگیربکەن و (٤) ئۆتۆمبێلیان بگەڕێنەوە بە خاوەنەکەی".

لە راگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەوو: "بەبەیاری دادوەر (٨) تۆمەتبار لە ٢٠٢٤/٢/٢٩ دەستگیرکران، کە (٦) ئۆتۆمبێلیان دزیوە لەجۆرەکانی مازدا و BMW، ویستویانە لەسنوری قەزای چەمچەماڵ ساغی بکەنەوە، هەروەها ژنێک سەرپەرشتی باندەکەی کردووە، لەئێستادا سەرجەم تۆمەتباران بە ماددەی (٤٤٣) لیاسای سزادانی عیراقی راگیراون و بەپێی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە و پشکنینەکان دەرکەوت کە بەکارهێنەری ماددەی هەشبەرن".